# له ساڵیادی دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com

ئەمساڵیش مۆمێکی تری تەمەنی ڕۆژنامەگەری کوردی دادەگیرسێنین و ساڵێکی تری تەمەن چووە سەر مێژووی ڕاگەیاندنی کورد ، لە دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەیەوە لە تاراوگە تا وەکو ئێستا چەندین هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە دیوە و چەندین جار و بە چەندەها کۆسپەوە گەیشتۆتە ئێستا ، دیارە هەروا بە ئاسانی ئەم مێژووە تێنەپەڕی وە و بە هەموو کەم و کوڕی و هەڵەکانی نێوی هەنگاوێکی باشی هاویشتووە کە هەنووکەش دەتوانرێت کۆمەڵێك ڕەخنەی لێبگرین و کەم و کوڕیەکانی بە ئاراستەیەك باس بکریٚ کە بەرە و ئاسۆی چارەسەر بێت .

سەد ونۆ ساڵ تەمەنێکی کەم نیە و بەلاّم لە نێو ئەم تەمەنە ڕۆژنامەگەری کوردی چەندین سەردەمی جیاوازی بینیوە و بڕیوە کە لە هەندێکیاندا سەردەم لەگەڵی دابووە و لە هەندێك قۆناغیشدا گەیشتۆتە لێواری مەرگ بۆی ، لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی باس بکەم لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و سەردەمی شەڕی ناوخۆ و قۆناغی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان ، بەڵکو خستنەڕووی بەشێکە لەو کەم و کوڕیانەی کە ئەمرۆ لە نێو ڕاگەیاندنی کوردی دەبینرێت ، کە دەکرێت بەشێکی بگەڕێنینەوە بۆ نەبونی کەسی ئەکادیمی و پسپۆر لە بوای ڕاگەیاندندا و ڕاستە هەموو کارێك ئەگەر مرۆڤ خۆی ئارەزووی نەکات و دڵسۆز نەبیٚ بۆی سەرکەوتوو نابێت بەلاّم ئەمەش بەوو مانایە نایەت کە ئەوەی خوازیاریت بتوانیت ببیتە کەسێکی شایستە و بە توانای ئەو خولیایەت و لە کاتێکدا زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان و کەسانی نێو ڕاگەیاندنەکانی ئێمە بە بینراو بیسراو و نوسراوە وە خاوەن و هەڵگری بڕوانامەی ڕاگەیاندن نین ، کە ئەمەش ڕووبەڕومان دەکاتەوە لەگەڵ گەلێك کەم و کوڕی و هەڵە کە ڕوودەدات ئینجا ئەم هەڵە و کەم و کوڕیانە بە مەبەست بێت یا نەزانین .

دەکرێت لەم یادەدا هەڵوێستەیەك بکەین لە چەندێتی و چۆنیەتی ئەو بلاّوکراوانەی کە ئەمرۆ لە کوردستان دەردەچن و پەخش دەکرێن (( سیاسی – کرێکاری – ئافرەتان – ئەدەبی – هەمەرەنگ – هونەری ....) لە کاتێکدا زیادە ڕۆی نیە ئەگەر بڵێن هیچ کارێك ناکەین و کاتمان تەرخان کەین بۆ هەموو بلاّوکراوانەی کە دەردەچن ئایا فریا دەکەوین بیانخوێنینەوە و تەماشایان کەین ؟ ئایا ڕێژەی زۆری بلاّوکراوەکان بەڵگەیە بۆ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای ئێمە ؟ ئایا ئەم بلاّوکراوانە دەتوانین پێیان بڵێین ڕۆژنامە ، گۆڤار ، مانگنامە ....؟ ئایا زۆرێك لەو نوسینانەی بلاّودەبنەوە دەتوانین بە نوسینێکی باش یان مامناوەند نێو زەندی کەین ؟ یان ئەو بابەتانەی کە لە سایتەکانی ئینتەرنێت بە تایبەت زیاتر لە سایتێك بلاّودەبنەوە ئەمانە ناو بنێین نوسینی باش و جوان و بەسود یان خۆ دەرخستنی نوسەرەکەی ، ئەم جۆرە نوسینە چی ناودەنێیت لەوە زیاتر کە نوسەری بابەتەکە دەیەوێت خۆی دەرخات ، دەنا تۆ بڵێی ئەو بابەتە هێندە گرنگ بێت دەیان سایت بلاّوی کاتەوە .

کێشەیەکی دیکەی نێو ڕاگەیاندنەکانی ئێمە و تا دەگاتە نوسەرانیش ئاماژە نەدان و ونکردنی سەرچاوەیە ، ئەم حاڵەتە لە نێو ڕاگەیاندنی کوردی ئامادەگی هەیە و لە ڕۆنامە و سایتەکانەوە هەواڵ وەردەگیرێت و بە بیٚ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی بلاّودەکرێتەوە یان هەندێك کەس لە کاتی نوسینی بابەتێکدا سود لە سەرچاوەیەك وەردەگرێت و بەلاّم

ئاماژە ناكات بەو سەرچاوەیەی كە سودی لێوەرگرتووە ، لە كاتێكدا نوسین و ئاماژەدان بەو سەرچاوەیەی كە هەواڵەكەی لێوەردەگری یان نوسینێك سودی لێوەردەگری و دەینوسی زیاتر متمانە دەدات بە خوێنەر یان بینەر و گوێگر چونكە ئاماژەدان پێمان دەڵێ چەندێك ئێمە خۆمان ئامادەكردووە بۆ بەرهەم هێنانی ئەو دەقە و لەهەمان كاتدا ڕاسگۆییە لەگەڵ ویژدانی خۆت ، لەگەڵ ئاماژە نەدان بە سەرچاوە و پەراوێز دەكرێ قسە بكەین لە سەر متمانە و قسەكانی ڕاگەیاندن و وربینی و بێلایەنی و ڕاسگۆی .

زۆر جار گوێبیستی هاولاّتیان بووین كە دەڵێن بۆ ڕۆژنامە بخوێنمەوە خۆ شتێكی راستی تێدا نیە یان ئامادە نیە بۆ گوێگرتن لە هەواڵەكان ، كە دەكرێت ئەمە قسەی لەسەر بكرێت بۆچی خەڵكانێك هەن متمانە بە ڕاگەیاندن و یان بڵێن بە هەواڵ نەماوە ، كە ئەم گوێنەدان و پشگوێخستنەی كە بەشێكی وتەبێژ و كەسی لێدواندەر لێی بەرپرسە نەك ئەو كەناڵەی ڕاگەیاندن لە هەمانكاتدا دارشتنی هەواڵەكەش بۆ خۆی كاریگەریەكی بەهێزی هەیە لەسەر كەسی وەرگر و یەكێك لە هەڵە گەورەكانی لە نێو ڕاگەیاندنی كوردی بەدی دەكرێت بونی بۆچونە لە نێو هەواڵدا و لە كاتێكدا هەواڵ تەنها گواستنەوەی ڕاستی ڕوودا و زانیاریە بە دوور لە بۆچون و لایەنگیری .

دارشتن و وشەكاری زۆر گرنگە ، دەكرێت ئێمە بە بەكارهێنانی كۆمەڵێك وشە بەهێزترین و جوانترین ڕەخنە بگرین بەدەر لە هەڵچوون و تورەبوون بەلاّم دەشتوانین بە بەكارهێنانی هەندێك دەستەواژەی نابەجێ كە ئەوەندەی ڕووكەشی شەرانگێزی هەیە نیو ئەوەندە لە زمانی ڕەخنە و ڕەخنە گرتن لە بەرامبەر نایەت و ڕەنگە ئەمەش بەشێكی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەلاّتەی كە سی و پێنج ساڵ بە درندانەترین شێوە حوكمی ئەم ولاّتەی كرد و كلتوری یەكتر قبوڵنەكردنی بۆ جێهێشتین .

بە بۆنەی یادی ڕۆژنامەگەری كوردیەوە بابەتی گەنجێكی بەرێز بلاّوكرابۆوە لە یەكێك لە سایتەكانی ئینتەرنێت و تیایدا قسە لەسەر دەستەواژەی نابەجێ و بەكارهێنانی وشەی ناشایستە دەكات و پێی وایە ئەم دەستەواژە و وشانەی كە لەهەندێك نوسیندا بوونی هەیە بۆتە زمانی بەشێك لە نوسەر و ڕۆژنامەنوسان مایەی هەڵوێستە لەسەر كردنە و كاتێكیش دێتە سەرباسی دەسەلاّتی كوردی و ڕەخنەیان ئاراستە دەكات بە چەتە ناویان دەبات ، ئەمە كێشەی هەندێك لە تازە نوسەرانی ئێمەیە كە پێی وایە بە بەكار هێنانی ئەو وشە نا پەسەندانە دەناسرێت و بە ئازا و بوێر ناو دەبرێت ، بەلاّم دەكرێت لە بەرامبەر بەكارهێنانی ئەو وشانە كۆمەڵێك دەستەواژە بەكار بهێنی كە هەم زریانێك بێت لە ڕەخنە و هەم لایەنی بەرامبەریش تۆمەتبار نەكەیت بە بێ بونی بەڵگە و لە نێو كەسایەتی هەندێك نوسەر هەیە پێی وایە كە دەنوسێت ئیتر ئەم دادوەر و بڕیاردەرە ، سوقرات دەڵێ (( نەزان ئەو كەسە نیە كە دەزانێ نازانێ بەڵكو ئەو كەسەیە كە نازانێ و وا خۆی نیشان دەدات كە هەموو شتێك دەزانێ )) هەر تایبەت بە وشە و وشەكاری و دارشتنی هەواڵ ، ئێمە زۆر دەخوێنینەوە كە (م .س) (د.ع) .... بە تاوانی شەرەف كوژرا بەلاّم كەم جار دەبینین گوترابێ لەسەر خۆشەویستی كوژراوە ، (م . س) ئارەزووی دەكرد لەگەڵ ئەو كوڕەی خۆی دەیەوێ ژیانی هاوسەری پێك بهێنێ و بەلاّم كاتێك باوكی یان برایەكی زانیان بە ناحەق خوێنیان ڕشت ، دەتوانین بڵێین بەرپرس هەیە لە ولاّتی ئێمەدا لە ڕێگەی نامەشروعەوە خۆی دەوڵەمەند كردووە و گومان لە سەروەت و سامانەكەی دەكرێت كە كۆی كردۆتەوە و بەلاّم كارەساتی هەندێك كەس لەوەدایە نازانن زمانی ئەدەب بەكار بهێنن و ڕاستەوخۆ تۆمەتباری دەكەن و دەڵێن دز ، بەلاّم ئەوە كاری دادگایە بڕیار دەدا كێ تاوانبارە و كێش بێتاوان و كاری ڕۆژنامەگەری یە كە خەڵكانی گەندەڵ ئاشكرا بكات و بیداتە دادگا نەك بڕیار لەسەریان بدات و كە دەشڵێن گەندەڵی هەیە لە كوردستان مانای خزم خزمێنە و واستە و واستەكاری و نەبونی سەروەری یاسا و دەوڵەمەند بونی كەسانێك

لەسەر حسابی خەڵكانی هەژار و خەڵكانی مشەخۆر و بەكار هێنانی پۆستی گشتی بۆ كاری تایبەت و بە فیرۆدانی داهات و سامانی ئەم وڵاتە و سەرف نەكردنی لە پێناو هاوڵاتیاندا و ..............

قسەیەك هەیە دەگوترێ كاتێك باسی ئازادی و دیموكراسی دەكرێت لەو كاتەدا ئەوەی ناشێ و ڕێگەی تێناچێت بگوترێ دەووترێ ، بەڵام ئایا كەسانێك هەن توانیویانە ئەم قسەیە لێكدانەوەی بۆ بكەن و پڕ بە ماناكەی خۆی سودی لێوەر گرن یان پێیان وایە ئازادی واتای نەبونی سنور لە كردارو گوتاردا و چۆنت بۆ هات بیڵێی و چونت مەبەست بوو بیكەی , ئێمە دەبێت ئازاد بین لەوەی چی دەڵێین و چۆن ڕەفتار دەكەین بەڵام ئازاد نین لەوەی كەسی بەرامبەر تۆمەتباركەین بە بێ بەڵگە و كارێك بكەین مافی خەڵكانی تر پێشێل بكەین و كەسایەتییان برینداربكەین چونكە نوسین بەرپرسیارێتی ویژدانی و یاساییشە لە بەر ئەوەی ناكرێ كێشەیەك بڵاو بكرێتەوە كە بەدواداچوونی بۆ نەكرابێ .

لە دوای ڕاپەرین و پاش وەستاندنی شەڕی نێوان هەردوو ئیدارەی كوردی چەندین ڕۆژنامەو بڵاوكراوەی ئازاد و سەربەخۆ بە دوور لە حزب لە دایك بوون و سەریان هەڵدا و ئەگەر چی لەبەر كلتوری یەكتر قبوڵنەكردن و چونی حزب بۆ نێو تەواوی پێكهاتە و چین و توێژەكان و دەست بەسەردا گرتنی ناوەندە حكومی و مەعریفیەكان و گومان كردن لە سەربەخۆیی دارایی ئەو ناوەندانەی ڕاگەیاندن هێشتا كەسانێك هەن گومان دەكەن لە سەربەخۆیی ئازادی ئەو بڵاوكراوانەو خۆ بەدوور گرتنیان لە حزب , بە پێچەوانەشەوە خەڵكانێك هەن پێیان وایە ڕاگەیاندنی ئازاد بە مانایی دوژمنایەتی و سەنگەر گرتن لە دەسەڵات و ڕووخاندنی دێت , ڕۆژنامە حزبی و سەربەخۆ و ڕاگەیاندنەكان بە گشتی ڕۆڵی خۆی هەیە لە كۆمەڵگادا هەر لە گەیاندنی ڕاستییەوە تاوەكو خستنە ڕوی كێشەكان و خواستی جەماوەر بۆ چارەسەر كردنی و تا دەگاتە ڕادەی كەمكردنەوەی دیاردەكان لە خۆسوتاندنی ئافرەتانەوە بۆ توندوتیژی و شۆڕش بەرپاكردن و لە ڕاستكردنەوەی هەڵەكانەوە بۆ بەكارنەهێنانی مادەی ترياك و........... كە دەشكرێ ئەم ڕۆڵە بە پێچەوانەشەوە بێت بە نموونەی هاندانی توندوتیژی و كاری تیرۆر .

لەگەڵ ڕۆڵگێڕانی گرنگی ڕۆژنامە دەكرێ هەڵوێست لەسەر ئەوە بكەین ئایا تاچەند لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆژنامەخوێنەری هەیە ؟ تا چەند ڕۆژنامەی كوردی زانیاری تێدایە و بابەتاكانی ناوی بەسەر نەچون ؟ تا چ ڕادەیەك تیراژی ڕۆژنامەكان دەفرۆشرێت و دواتر ناگەڕێنرێتەوە بۆ بارەگای ڕۆژنامەكەو بە ستوونی هەڵناچنرێت ؟ ئەو ئامارانەی ڕادەگەیەنرێت كە لە كوردستان چوار ملیۆن مرۆڤ دەژی ئەی بۆچی نابیستین تیراژی ڕۆژنامەیەك بگاتە بیست و پێنج هەزار ؟ئایا دەتوانین بڵێین ئێمەی كورد ناخوێنینەوە و خوێنەری ڕۆژنامەمان نییە یان كەناڵی ئاسمانی و ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی جێگەی ڕۆژنامەی كاغەزی گرتۆتەوە ؟ لە كاتێكدا سەردەم سەردەمی شەڕی ڕاگەیاندنە , هێندەی موشەكێكی چەند تەنی كە ئاراستەی وڵاتێك بكرێت ووشەیەك كاریگەری هەیە و دەتوانرێت بەس بە ڕاگەیاندن گەورەترین جەنگ هەڵگیرسێنرێت ، ئایا ڕاگەیاندنی كوردی دەتوانێ شەڕی ڕاگەیاندن بكات .

ڕاگەیاندنی كوردی لە ئێستادا بە هەموو كەم و كوڕیەكانەوە ئاشكرایە بەردەوامە بەڵام لە قەیران دایە و بۆیە دەكرێت لە ڕێگەی كۆڕوكۆبونەوەو سیمینارەوە ، لە ڕێگەی سەندیكا و وەزارەتی ڕۆشنبیری و حكومەتەوە ، بەهەرشێوەیەك بێت و خزمەتكەر بە ڕاگەیاندن ئەو بێسەر و بەریەی ڕاگەیاندن نەهێڵدرێت كە ئەمڕۆ توشی هاتووە و لە ڕێگەی یاسایەكی نوێی سەردەمیانە كەشی ئەمڕۆی ڕاگەیاندن كە كەشێكی دەكرێت ناوی بنێین نا سروشتی ڕزگار بكرێت لەهەمان كاتیشدا ئەركی حكومەت یان بەرپرسانە كە زانیاری ڕاست و دروست و داتاكان بدەنە ڕاگەیاندن و دوور لە

جیاوازی کردنی نێوان راگەیاندنەکان ، ڕۆژنامەنووسیش مافی خۆیەتی  پارێزراو بێت و بە بێ ئیهانە کردن و لێدان و دەرکردن و فراندن هاوکاری بکرێت و لە هەمووکارێکدا تەنها یاساییانەماڵەی لەگەڵ بکرێت .

دەکرێت ئەم بۆنەیە بقۆزرێتەوە بۆ متمانە گەڕاندنەوە بۆ ئەو خەڵکانەی کە پێیان وایە قسەی راگەیاندن  دوورە لە راستیەوە و هەموویان مەبەستیان جوان کردنی ڕووکەشی دەسەلاتە ، دەکرێت جارێکی تر بەخۆماندا بچینەوە لەو پەیامەی کە هەمانە و مەبەستمان بگەیەنین بەراستی و دروستی و وردبینی .